# کۆنگرەی نێونەتەوەیی لە بەغدا،
# سپاردنی کۆمەڵگای عێراقە بە چارەنوسێکی نادیار !

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن کە لە 10مارتدا کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی لە بەغدا دەبەسترێت سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی عێراق. لەم کۆنگرەیەکدا وولاتانی ئەندامانی هەمیشەیی شورای ئەمنیەتی نێونەتەوەییو وولاتانی دراوسێی عێراقو لەوانە سوریاو ئێرانو هەروەها جامعەی عەرەبی... بەشداری دەکەن. ئەم کۆنگرەیە لەسەرەتاوە لەسەر ئاستی بالوێزی ئەم وولاتانە دەبەسترێتو پاشان بەقەولی خۆیان ئەگەر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی کۆبونەوەکان دەچێتە ئاستی کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوە... بەجیا لەوەی ئەم کۆنگرەیە سەردەگرێت یان نا، یان بەجیا لەوەی لایەنێك یان چەند وولاتێك پاشەکشەی تێدا دەکات یان نا، وە هەروەها بەجیا لە پێشبینیو هیواو نیەتێك کە هەر لایەنێك لە لایەنە بەشداربوەکان لەم کۆنگرەیەدا بۆخۆیان داوە. ئەم کۆنگرەیە تەسلیم بونی بۆشو ئیدارەکەیەتی بە ئەمری واقع( کەبۆش دانیپێدا نانێت) ئەمری واقعێك کە ڕاپۆرتەکەی بیکەر–هاملتون ژیرانە تر لە بۆشو ئیدارەکەی بەڕۆشنی دانی پێداناوە. ئەمری واقع شکستی ئیستراتیژییەتو سیاسەتەکانی ئەمەریکایە لە عێراقداو بەم پێیەش شکستی ئیستراتیژی "ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە" ی ئەمەریکا. کە بڕیار بوو "عێراقی دیموکراتی!!" بۆ بۆشو ئیدارەکەی دەرگای چوونە ژورەوە بێت بۆ گەیشتن بە"ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە".

لە عێراقدا، ئەمەریکا لەباری سیاسەتو ئیستراتیژیوعەسکەرییەوە شکستی خواردو ئاسۆیەکی ڕۆشنی نیە بۆ سەرکەوتن، یان وردتر بلێم ئەو ئاسۆیە داخراوە. پاش ئەوەی کە بۆش لە سەرەتای ساڵی نوێی ئەمساڵدا لە ژێر ناوی "ئیستراتیژی نوێ"دا کە لەراستیدا "نەخشەیەکی" دیکە بوو، تەنها چەند تەوەرەیەکی وەرگرت لە ڕاپۆرتی بیکەر–هاملتون، ئەمڕۆ پاش مانگێگ زیاتر بۆشو ئیدارەکەی ناچارن کە مل بدەن بە کۆنگرەی بەغدا کە کۆنگرەیەکی نیودەوڵەتیە، هەروەك لە ڕاپۆرتەکەی ناوبراواندا هاتوە. ئێستا پێویستە بۆ هەموو کەس و بەتایبەت بۆ هەموو ئازادیخوازانی دنیا، چەپو ئیسنانی پێشکەوتنخوازو بەشی پێشرەو نارەزای خەڵکی کوردستانو خوێندکارانو لاوانی کوردستان... هەرکەسێك کە دەیەوێت حەقیقەت ببینێو بەپێی ئەو حەقیقەتە بابەتیانە مامەڵە بکات لەگەڵ خۆی دەوروبەریدا، پێویستە جاریکی دیکە چاوبخشێنێتەوە بە گشت هەلومەرجی سیاسی عێراقو کوردستانو ناوچەکەدا... بەڕۆشنی ئەوە ببینێت کە کەناڵەکانی چونە پێشەوەی سیاسەت، بڕیارەکانی دوێنی بۆ ئالوگۆری سیاسیو هێنانو بردنی هێز گۆڕاونو دەگۆڕێن، دەستورو یاساکان دەگۆڕێنو گۆڕانیان بەسەردا دێت، هێزەکانی دسەڵاتداری بەغداو ئیئتلافو هاوپەیمانیەکان دەگۆڕێنو بەپێی هەلومەرجی تازە خۆیان پێك دەهێننەوە، هیزەکانی ئیحتلالو چونە دەرەوەیان پرۆسێسێکی خێراتر تێدەپەرێنێتو پەیوەندی هاوپەیمانی نیوان ئەمەریکاو وولاتانی دیکە کە سەربازیان ناردوە بۆ عێراق گۆڕانی بەسەردا دێت،... بەم پێیە هەلومەرجی گشت عێراقو کوردستانو دەگۆڕیتو ئالوگۆری بەسەردا دێت.

هەر ئێستا دەستور لە حاڵەتی گۆڕاندایە، فیدرالیەت ئەگەرچی تا ئێستا بەمانای قانونیو ئیداری مەوجود نەبوە لە ئاستی سەرتاسەری عێراقدا، ئیتر فیدرالیەت بەتوندی چۆتە ژێر پرسیارەوەو ئەگەر ناوەکەشی بمێنێتەوە، هەر ناوێکە لەسەر وەرقەو هیچ مانایەکی عەمەلیو سیاسیو ئیداری نابێت( وەك حالەتێکی جێگیرو براوە). مادەی 140 کە من چەندین جار ئاماژەم پێکردوە، جێبەجێناکرێت،هەرئێستا خۆیان باس لەوە دەکەن کە مالکی ڕیگری بۆدروست دەکاتو دیارە ئەمە یەکەمجارە کە لە لایەن فەرمانبەرانی ناسیونالیزمی کوردەوە قسەی وا بکریت بەرانبەر بە مالکی، ماوەی جێبەجێکردنیشی هێندەی نەماوە. یاسای وەبەرهێنانی نەوت بە شێوەیەکی فعلی گۆڕدراو ڕاگەیەنرا. بەعسیەکان بەزۆریش نایەنەوە نێو پرۆسەی سیاسی سەرەڕای داواکاری ئەمەریکاو دەسەلاتی بەغدا بۆیان، کە تا کو دوێنێ بڕیاریاندا بوو " ڕیشە کێشیان بکەن"... هیچ شتێکیش لەو دەستورەی عێراق سوكو ریسوا تر نیەو تەنانەت خۆشیان ناتوانن ئاورێکی لێ بدەنەوە مەگەر هەریەکەیان بۆ خالێك کە خۆی بەپێی ڕیکەوتنی ئەوکات جێگای کردۆتەوە، ڕەشنوسی دەستوری کوردستان چۆتە ئەرشیفی پەرلەمانەوە کەسێك نەماوە باسێکی لێبکات لەنیو خۆیاندا... نەخشەی ئەمنی بەغدا هەر ئێستا فەشەلی هێناوەو بەشێوەیەکی ڕۆشن ئەمەریکا دەرگیر بوە لەگەل ئەوەی چۆن بەڕویەکی سپیەوە خۆی رزگار بکات. هەرئێستا حکومەتانی ناوچەکە زیاتر هەست بەسەربەستی جوڵانەوەی خۆیان دەکەن لە بەرانبەر ئەمەریکادا ئەوە جمهوری ئیسلامی ئیران لە زمانی سەرۆکی سوپای حەرەسی سەورییەوە "ڕەحیم صەفەوی" بەئاشکرا بە بیانوی بونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردە لەسە رسنوەرکانی دەیەوێت هیرش بکاتە سەر کوردستانی عێراقو بەگشتی توندی ئێرانو بەکارهێنانی وەرەقەکانی ناوچەکە بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا دژ بە بەرژەوەندی ئەمەریکا ئیستا سیمای سیاسەتەکانی جمهوری کۆنەپەرستی ئێرانە. تورکیا ماوەیەکە لە هەرەشەکانی خۆی نەکەوتوە بۆ هیرشکردنە سەر کوردستانو هەمیشە گوێبیستی ئەوەین کە تورکیا هیرش دەکات بۆسەر کوردستان بەیانوی جیاوازو جۆراوجۆرەوە. وولاتانی تری ناوچەکە سعودیە تارادەیەك دەیەوێت بۆشاییەك بهیلێتەوە لە پەیوەندی نیوان خۆی ئەمەریکاد، کۆنگرەی مەککەو سەردانی پوتین سەرۆکی روسیاو گرینگی پێدانی هێجگار گەورە بەم زیارەتە، نمونەیەك لەم جولانەوە سیاسیانەی سعودیە نیشان دەدەن. سوریا بیباکانە جولانەوەی سیاسی خۆی دەباتە پێشەوەو لەمبارەوە تا ئێستا سەرەڕای

هەولی ئەمەریکا بۆ کەنار خستنەوەی، بەلام ئەمەریکا لەمکارەیدا نەك دۆراندویەتی بەڵکو ئەوە خۆی دەعوەتی دەکات بۆ بەغدا. ئەوەندە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی زلهیز، دیسان لەم ڕووەوە جوڵانەوەی سیاسی تازە دەبینین، دەعوەتی میرکل بۆ دانیشتی لیژنە روباعی تایبەت بە کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل لە ئەلەمانیا کە ئەمەریکا ناچار بوو بچێت نیشانەیەکە بۆ زیندوکردنەوەی فۆنکسیۆنیکی نیودەولەتی کە زۆر بە ئیشتهای ئەمەریکا ناخوات مەگەر ناچاربێت. جولانەوەی روسیا لە ناوچەکەداو مۆری تەئیدی بۆ حکومەتێکی یەکگرتوو لە فەلەستین، کە پێ دەچیت ئەورپای یەکگرتوو هەلوێستێکی مەرن تری هەبێت لە بەرانبەریدا. بلێرو دەعوای ئەو لەمەڕ کلیلی کێشەکان و چارەسەر کردنی کێشەی فەلەستینی وەك کلیلی گشت کۆسپەکانی ناوچەکە، سیاسەتێك کە بە ئیشتهای ئەمەریکا نیە.... هەلومەرجی ناوچەکە بەگشتی گۆراوە.

## *رازی بوونی ئەمەریکا بە کۆنگرەی نێو دەوڵەتی مانای شکستی ئیستراتیژیەتی خۆیەتی لەعێراقدا؟!

ئیستراتیژی ئەمەریکا لە بناغەوەو هەر لەسەرەتایی ڕاگەیاندنیەوە دوای روخانی دیواری برلین و پێش دەستپێکردنی "پرۆسەی رزگارکردنی کوەیت!!" لە ئاستی جیهانیدا لەسەر پایەی رابەریکردنی بێمونافس و بێ مونازعی خۆی لەئاستی جیهایندا دامەزرابوو. واتە بەقەولی بۆشی باوك "ئەوەی دەیلێین دەبێ بروات". ئەمە سەری نەگرت و ڕۆشنە سەرناگرێت. لەسەر پایەی ئەم ئیستراتیژییە جیهانیە 16ساڵە خەلکی عێراق گیرۆدەی کۆنەپەرسترین سیاسەت و نائینسانیترین کردەوەی سەربازی و جینۆسایدی ئابلوقەی ئابوری بۆتەوەو دواجاریش لە ژێر ناوو بڕوبیانوی جۆراوجۆردا وەك بونی "چەکی کیمیایی و.." پەلاماری عێراقی دا بەپێی بڕیاری خۆی واتە بەبێ گوێگرتن لە ریکخراوی نەتەووە یەکگرتوەکان و شورای ئەمنیەت و ئەوروپای یەکگرتوو وە هەروەها روسیا و چین... ئەوکات حسابی بۆ هیچ یەك لە وولاتانی دیگەی زلهێز نەکرد، چ جا بگات بە وولاتانی ناوچەکە... ئەمرۆ پاش فەشەلی خۆی ناچار بوە، کە لە ژێر ناوی وولا تانی "شورای ئەمنیەتی نیو دەوڵەتی"دا کە هەموویان وولاتانی زلهێزی دنیان، نەك بەشداریان بکات لە کۆنگرەدا بەلکو ناچار بوە دەست بۆ ئیران و سوریاش درێژ بکات. ئەم کۆنگرەیە واتە شەریککردن و هاوبەشیکردنی وڵاتانی زلهێزی دیکەی جیهاتی لە بڕیاری سیاسی و چارەسەری کێشە سیاسیەکان و هەروەها لە ساغکردنەوەی وەزعی سیاسی عێراق، واتە قبولکردنی جیگاو رێگای ئەو هێزانە لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا بە شێوەی جیاواز. هەروەها قبولکردنی ناچاری جێگاو رێگای وولاتانی ناوچەکەیەو لەوانە ئێران و سوریا کە تا ئێستاش بە محوری شەڕو وولاتانی یاخی بوو ناویان دەبات...

بەلام دەبێت رۆشن بێت، کە ئێستاش، سەرەرای شکستی ئیستراتیژی ئەمەریکا، ئەمەریکا بەهێزترین هیزی دنیایە لەباری سەربازییەوەو بەم پێیەش دیسان لەپێشەوەی تەواوی وولاتانی دنیایە تا ئێستا لەباری سەپاندنی بەشە سەهمی خۆیەوە لەئاستی جیهانیدا. قسەکە ئەوەیە ئەمەریکا ناچار بوە بەوەی کە ئەوانی دیکەش شەریکە بەش بکات بە ڕادە جیاوازو بەپێی توانایی هەریەکەیان، کەئەمەش بۆخۆی دژایەتییەکی توندی ئەم سیستەمەیە. خالێکی دیکەیە ئەوەیە کە ئەمەریکا سەرەڕای شکست و فەشەلە سیاسییەکەی، هیزەکانی بە ئاسانی لەعێراق ناباتە دەرەوە. بردنە دەرەوەی هیزەکانی هەرواو بەبێ ڕویەکی سپی و تەنانەت بە بێ وەرگرتنی چەند ئیمتیازیك لە وولاتانی دیکەی زلهێز، زەربەیەکی گەورە دەدات لەگشت ئۆتۆریتەو جیگاو ڕیگای ئەمەریکا لە ئاستی جیهانیدا، کە نەئیدارەی بۆش وە نە دیموکراتەکان کاری وا دەکەن، مەگەر ناچار بکرێن.

## * ئایا کۆنگرەی بەغدا، سەرەتایەك دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق؟!

بەبروای من نا. کێشەکانی عێراق قولتر دەبێتەوە. تازە لەگەل ئەم کۆنگرەیەدا بڕیارە وولاتانی زلهێزی دیکەو وولاتانی ناوچەکە هەریەك بەپێی بەرژەوەندی سیاسی و کێشەکانی خۆی و سەهمی لە جێگاو ڕیگای جیهانی و ناوچەییدا، بوار دەهیلێتەوە بۆ بەشداریکردن لە چارەسەری کێشەکاندا. بەم پێیەو لەکاتێکدا کە ئیدارەی بۆش و ئەمەریکا ئامادەنیە، واز لە ئیستراتیژییەکەی بهێنێت و بەئاسانی خۆی تەسلیم بە ئەمری واقع بکات، تا بێت کێشەکان قوڵترو فراوانتر دەبێتەوەو ئینجا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەلومەرجی سیاسی عێراق و کۆمەڵگای عێراق و کوردستان دەبێتە شوێنی ساغ بونەوەو یەکلاییبونەوەی بەرژەوەندی لایەنە بەشداربوەکان، کە ئەنجامەکەی بردن و پالپێوەنانی کۆمەلگای عێراقە بەرەو هەڵدێری شەڕو نەهامەتی زیاتر. ئەگەر تا ئێستا کێشەی ئەو وولاٚتانە بەجیا لە ئەمەریکا بەشێوەی ناڕاستەوخۆو بەوەکالەت لە لایەن هێزە ناوچەیی و محەلیەکانەوە چۆتە پێشەوەو بەمەش کۆمەڵگای عێراقیان نقوم کردوە لەسیناریۆیەکی ڕەش و شەری تیرۆریستی و تائیفیدا. ئەوە لەمەودا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆتر کێشەکان و پێکدادانەکان مەترح دەبنەوە لە ئاستی کۆمەلایەتیدا، کە وادەردەکەوێت ناسیونالیزمی عەرەب لەمبارەوە دەوری کاریگەرتر ببینێت لەعێراقدا.

لەم نێوەدا سەرجەم کێشەکانی ناوچەکە لە دەرگای هەلومەرجی عێراقەوە قەرارە یەکلاییبکرێتەوە. کێشەی سوریا و ئەمەریکا و پەیوەندی جێگاو ریگای سوریا لە ناوچەکەدا، چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیلدا. داوای ئەمەریکا لە سوریا لە پەیوەند بە لوبنان و فەلەستین و کۆمەکی سوریا بۆ حزب اللەو حەماس و ئۆپۆزیسیۆنەکانی پرۆسەی ئاشتی و قەزییەی دادگایی نێودەوڵەتی حەریری. لەلایەکی دیکەوە، کێشەی ئیران و ئەمەریکا و جیگاو ریگای ئیران و کۆمەکی ئێران بەحزب اللەو ئیسلامیەکانی فەلەستین و کێشەی ئەتۆمی لەگەل ئەمەریکا، رۆلی بێوینەو بەهیزی ئیران لە عێراقدا. کێشەی تورکیا و کەرکوك و تورکمانەکان و مەسەلەی بونی هیزەکانی پەکەکە لە عێراقدا. خواستی ناسیونالیزمی عەرەب و حکومەتەکانی لە پەیوەند بە رۆلی ئیسلامی سیاسی شیعی و دەوری ئیران لە عێراقدا... ڕوتێکردنی ئەوروپای یەکگرتوو خودی بلیر وەك هاوپەیمانێکی جدی بۆش و ئیدارەکەی بۆ

مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین-ئیسرائیل. بەجیا لەمانە کێشەی عێراقو چۆنیەتی دابینکردنی ئەمنیەتو شکست پێدانی ئیسلامی سیاسی بن لادنی، کێشەی دەستورو مەسەلەی فیدرالیەتو ماددەی 140و مەسەلەی یەکلاکردنەوەی دەوڵەتی عێراقو حکومەتێك کە بتوانێت لایەنی کەم ئەمنیەت دابین بکات، جێگاو ڕێگای ناسیونالیزمی عەرەب.... هەموو ئەم مەسائیلانە ... کۆمەلە کێشەیەکی گەورەو کاریگەرن کە لەسەر مێزی ئەم کۆنگرەیە دانراون. گەدیارە هەریەك لە وولاتانی زلهیز بە ئەلمانیاشەوە کە بەشداری دەکات لەم کۆنکرەیەدا، ڕوانگەو بۆچونی جیاوازیان هەیەو هەریەکەیان دەیەوێت لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستو عێراقدا بەرژەوەندی خۆی بباتە پێشەوەو جیگاو ڕیگای خۆی قایم بکات. ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەی قولتر کردنەوەی کێشەکانی خەلکی عێراق دەبێت.

## خەلکی عێراق چی بکات؟!

خەڵکی عێراق، کرێکارانو لاوانو ژنانو فەرمانبەرانو مامۆستایانی عێراق، ناتوانن چاوەرێ بن بۆئەوەی وولاتانی زلهیزو ناوچەکە خۆیان رێك بکەون( کە ڕیك ناکەون) بۆ ئەوەی کۆمەلگای عێراق لایەنی کەم ئەمنیەتی بۆ دابین بکریت. گشت باسەکە ئەوەیە کە خەڵکی عێراق پێویستە ڕیگای خۆیان جیابکەنەوە لە تەرحو سیاسەتو ئەلتەرناتڤی هێزە راستەکان بە حوکمەتو حزبەکانیەوە، بەوانەی کە ئێستا دەسەلاتدارن لە بەغدا یان ئۆپۆزیسونی ئەوانن، خۆیان جیابکەنەوە لە ئۆمید بەستن بە داگیرکەرانو وولاتانی ناسیونالیزمی عەرەبو سیاسەتەکانیان، ئەوان ئەم هێزانەیان تاقیکردۆتەوە. ڕیگای کارساز: خۆ ریکخستنو یەکگرتووبونە بەدەوری سیاسەتی کردنەدەرەوەی هیزەکانی داگیرکەرو کۆتایی هێنان بەدەسەلاتی ئێستای بەغداو پرۆژە سیاسییە تیرۆریستیو تائیفیەکانیان. ئەم دوو هەنگاوە پێش مەرجن بۆ دابینکردنی ئەمنیەتو ئارامیو پێش گرتن بە شەری تائیفیو تەنانەت بەرپاکردنی شەری قەومی کە هەمیشە خەتەرێکەو ممکنە لە هەناوی ئەم هەلومەرجەدا ڕوبدات. کۆنگرەی ئازادی عێراق، ئەو هێزەیە کە دەستیکردوە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، لە ریگایەوەو بتوانیت دەولەتێك پێك بهێنیت کە دەوڵەتی واقعی هەموو عێراقییەکان بێتو مافە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکان راستەوخۆ وەك یاسا رابگەیەنێتو دان بنێت بە مافی رفراندۆمی گشتیو ئازاد بۆخەلکی کوردستان تا لە ڕیگایەوە چارەنوسی سیاسی خۆیان دیاریبکەن، بەجیابونەوە یان مانەوە بە مافی یەکسانەوە لە چوارچیوەی عێراقدا. لەم نێوەدا پێویستە ئەوەمان لە یاد بێت کە هیزی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگا، مۆری خۆی بدات لە کردنەدەرەوەی هێزی داگیرکەر، ئەکەر نا ئیسلامی سیاسی دەبێتە خاوەنی وەلامی گرینگترین خواستی خەڵکی عێراقو بەم پێیەش لە سیناریۆیەکی ڕەشەوە دەچینە سیناریۆیەکی دیکەی ڕەش لە شەری نێوان هێزو باڵە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان.

## خەڵکی کوردستان چی بکات؟!

خەڵکی کوردستان 4 ساڵە تەواوی دەستورو یاساکانی عێراقو دەسەلاتە میلیشیاییە جیاوازەکانی جەعفەریو عەلاویو مالکییان تاقیکردۆتەوە. ئەوان 4 ساڵە بونەتە تاقیگای بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کوردو لەمبارەوە چەند جاریك پەنجەیان پیَمۆر کراوە. کە هەر هەموی سیناریویەك بوو بۆ جێقایمکردنی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لە بەغدا، کە ئەمەش رۆشن بوو سەرکەوتوو نابێت. بەهەرحال ئەگەر تا دوێنی ئیمە دەمانگوت کە پرۆژەی ناسیونالیزمی کورد فاشلە. ئەوا ئەمڕۆ پێش هەر کەس بۆ سەرانی ئەم بزوتنەوەیە ڕۆشنە، وە بۆ خەڵکی کوردستان ڕۆشنە. ئەوان هەمیشە دژ بە بەستنی کۆنگرەی نێودەولەتی بوون، پیَیان وابوو ئەمە دەخاڵەتە لە هەلومەرجی سیاسی عێراقدا( کە دیارە دەخالەتە) ئێستا دەلێن چی؟! پرۆژەی فیدرالیەت هەر لەسەر وەرەقەیەکە، ماددەی 140 خۆیان دەلین مالکی ڕیگری بۆ دروست دەکات، کە تا دوێنیَ بە سەرو بالیدا هەڵیان دەدات!!.

ڕیگا چیَیە کە خەڵك بگاتە هیواو خواستەکانیو کێشەی سەرەکی کۆمەلگای کوردستان چارەسەر بکات؟! مەرجی یەکەم ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بە خێرایی لە بازنەی چاوەڕوانی بێنە دەرەوە. بیرکردنەوەو چوارچیوەیەك کە تا ئێستا بویانە ببیگۆڕن. چوارچیوەی تا ئێستا ناسیونالیستی بوەو بەم پێیەش ئەنجامەکەی نەك بوە بە هیچ، بەڵکو مایە پوچی کردونو لەوەش کەوتون کە بویانە. تەنانەت ئاوو کارەباو سوتەمەنیشیان نیەو ڕۆژ بەرۆژ بەرەو هەژاری دەرۆن. ئەمە بەجیا لەوەی کە کێشەی سەرەکیان نەك هەر لەجیَی خۆی ماوە بەڵکو لە هەموو کات زیاتر ناڕۆشنو نادیارترە. لە کوردستان کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەگشتیو مارکسو مەنصوری حیکمەت، چوارچیوەو کەنالێکی دیکەی جیاوازە بۆ بیرکردنەوەو پەیداکردنی ئەلتەرناتیڤی گونجاوو ممکن سەبارەت بەکێشەکانی ئەمڕۆی کوردستان. لاوانو کریکارانو ژنانو فەرمانبەرانی کوردستان، ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بەوەهەیە لە چوارچیوەی سیاسەتو ئەلتەنارتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکارییو حزبەکەیدا بەدوای چارەسەری کێشەکانی خۆیاندا بگەرێنو وەلامی گونجاوی پێبدنەوەو لیرەوە سەرنج بدەنەوە لەسیاسەتەکانی 14 ساڵی رابوردوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییو حەقیانەتی ئەو سیاسەتانەو هەروەها ئەلتەرناتیڤیك کە ئەم حزبە تەرحیکردوە بۆ خەلکی کوردستانو رزگار بونیان لە چاوەروانیو چارەسەری کێشەی سەرەکیان لە ڕیگای رفراندۆمو جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکەوە. هەروەها چارەسەرو ئەلتەرناتیڤەکانی ئەم حزبە لە پەیوەند بە خەباتو ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان سەبارەت بە گرانیو نەبونی سوتەمەنیو دژ بە گەندەڵیو خواستی ئازادییە سیاسیەکان، سەرنج بدنەوەو بیکەنە جێگای لێکدانەوەو گفتوگۆی خۆیان. ئەمە ڕیگایەکی دیکەیە، بیرکردنەوەو بەرنامەو سیاسەتێکی دیکەیە، کە تیایدا ئینسانەکان دەتوانن بەرژەوەندی واقعی خۆیانی تێدا بدۆزنەوەو بەدەوریدا ریکخراوو یەکگرتووبن. ئەمە ئەلتەرناتیڤێکە کە چارەسەری کێشەکانی ئەمرۆی کۆمەلگای لەگەل خۆیدا هەڵگرتوە.

### *خەباتی سەرتاسەری‌و جیهانی مان پێویستە :

بزوتنەوەی دژ شەڕ کە ئێستا بەشیوەیەکی لاوازتر لە بەرانبەر داگیرکاریدا خۆی نیشان دەدات‌و ناڕەزایەتی دەکات. لە هەلومەرجی ئێستادا کە ئەمەریکا خەریکی پەلەقاژەی نوقم بونە لەفەشەلەکانی خۆیدا، بێگومان هیزو تواناییەکەی زیاتر دەبێت. باسەکە ئەوەیە کە ئیمە بە ناونیشانی هیزێك، بۆ رزگارکردنی کۆمەلگای عێراق وکوردستان پیًویستمان بە هیزە جیهانیەکەی خۆمان هەیە، بۆ پشتیوانیکردنی سیاسی‌و ماددی‌و مەعنەوی. هەروەك چۆن هیزە راستەکانی عێراق پێویستیان بە ئەمەریکاو بەریتانیاو حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچکە هەیە، ئیمەش پێویستمان بەهەمو ئینسانیکی ئازادیخواز هەیە کە هاوپشتی‌مان بکات. بۆ بەهیز بونی بەرەی موتەممەدنی دنیاو بەهیز کردنی حزب‌و کۆنگرەی ئازادی عیراق‌و بزوتنەوەی نارەزایەتی خەلکی کوردستان‌و سیاسەت‌و ئەلتەرناتیڤەکانی حزب. لەمبارەوە پۆیستمان بە دەخالەتێکی فراوانتر هەیە، بۆ کاریگەر دانان لەسەر ئەم بزوتنەوە جیهانیەو رۆشنکردنەوەی ئاسۆی خەباتکارانەی و لابردنی کۆسپەکانی بەردەمی.